کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
11-6-2007 16:02بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ڕوونکردنەوەیەک لە (وەزارەتی تەندروستی) یەوە

ماوەیەکە بەشێوەیەکی هەرەمەکی و بەناوی خوازیارەوە هێرش دەکرێتە سەر وەزارەتی تەندروستی، ئێمەش وەکو ڕاگەیاندنی وەزارەت چیتر ئەم جۆرە چەواشە کردنانە قەبول ناکەین و ڕاستییەکان بۆ هەموو لایەك دەخەینە ڕوو.

ئەو بابەتانەی کە بڵاو دەکرێتەوە لە سایتەکان... لەلایەکەوە پێمان ناخۆشە چونکە لە درۆو قسەی بێ ماناو هەڵبەستراو زیاتر هیچ نین وەمرۆڤ دڵی تەنگ دەبی کە دەبینێ تائێستا مرۆڤی سەیرو سەمەرە لەدنیا ماوە و زۆر بە نەزانین خۆی دەخاتە چاڵەوە ... وەلەلایەکی تریشەوە پێمان خۆشە ئەو بابەتانە بڵاو بکرێنەوە... چونکە کە بەڵگەنامەکان دەخەینە ڕوو... بۆ هەموو لایەك نەزاهەت و یاسایی و ڕاستگۆیی وەزارەت دەردەکەوێت.

بە کوردستان نێت و هەموو خوێنەرانی سایتەکانی تریش دەڵێین کە ئەو کەسانەی لەسەر وەزارەتی تەندروستی دەنووسن، یەك دوو کەسن بەر شاڵاوی (پاککردنەوەی وەزارەت لە گندەڵکاران) کەوتن و هیچیان پێ نەماوە تەنها نووسینی بابەتی بی بنەماو بی مانا نەبێت جگە لەمەش هەندێك بیری تەسك لە دواوەی ئەم نووسراوانەیە.

لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا، دوو بابەت بڵاوکرانەوە بە ناوی (نازەنین عوسمان) و (تارا خۆشناو) کە هەردووکیان یەك کەسن، گوایە چەند تەندەرێك ئەنجامدراوە و کاری گەندەڵی تێدا کراوە.

ڕ – بەناوی (تارا خۆشناو) سەبارەت بە نووسراوی ژمارە (892) لە 2007/2/1 کە لە فەرمانگەی یاسایی وەزارەتمانەوە دەرچووە، (بابەت/ کار سپاردن بۆ کۆمپانیای گەلاڵە) وەلە ناوەڕۆکی نووسراوەکەدا هاتووە دوو ئامێری تیشك دابین بکری بە بڕی (126. 000$) سەو بیست و شەش هەزار دۆلار... لە خوێنەران و کوردستان نێت دەپرسین:-

1- گەندەڵی ئەم نووسراوە لە چی دایە؟

2- بۆچی نووسراوەکە هەمووی بەتەواوی نیشان نەدراوە؟ بۆچی نیوەی نیشان دراوە؟

ئێمە لەلایەن خۆمانەوە نووسراوەکە دووبارە دەنێرینەوە بەتەواوی کە لەخوارەوەی نووسراوە (وێنەیەك بۆ:- (13) سێزدە شوێن) کە ئەنجومەنی وەزیرانیشی تێدایە چونکە هەر یەکێك نووسراوەکە دەبینی لە سایتە بەڕێزەکەتان وادەزانی بەنهێنی کراوە لە نێوان وەزارەت و کۆمپانیا جگە لەوانە کەسی تر ئاگادار نییە.

3- چۆن دەزانن ئەم ئامێرانە (ێین) ی بووین و (یابانی یان ئەمریکی) نەبوون؟ کوا بەڵگەکان؟؟؟ چۆن دەزانی نرخەکەی زیاترە لە نرخی ڕاستەقینەی؟ کوا بەڵگەکەی؟ بۆ زانیاریتان جۆری (GE) ئەمریکی کراوە، بەڵام تائێستا ئەو ئامێرانە نەگەیشتوون و وەرنەگیراون لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە، لەبەرئەوەی ماوەی یاسایی گەیشتنی ماوە.

4- نووسەر دەڵی (لە کۆگانی دەرمان پرسیارمان کردووە بینمیان کە ئەو دوو ئامێرەی کڕدراون نرخەکانیان بەهەردووکیان (55. 000$) پەنجاو پێنج هەزار دۆلار تێپەڕ ناکات) سەیرکەن خوێنەران ... !!! کۆگای دەرمان چۆن دەزانی نرخی ئامێری تیشك چەندە؟؟؟!!! دەرمان لە کوی و ئامێری تیشك لە کوی؟... کێ هەیە لە هەموو کوردستان بزانی کە نرخی ئامێری تیشك بە چەندە!! وەکی هەیە بیفرۆشێت لە کۆگاکاندا!!!.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەڕێزان پێتان ڕادەگەینن، کە نرخی هەر ئامێرێکی پزیشکی لە ڕێگەی ئەندازیارانی تایبەت بە ئامێری پزیشکی دادەنرێت و بەلێژنە دەخەملێنرێت و لە ڕێگەی ئەنتەرنێت نرخەکان لە کۆمپانیا جیهانییەکانی ئامێری پزیشکی وەردەگیرێت.

5- وەزارەتی دارایی و ئابووری بە نووسراویان ژمارە (22635/10/2) لە 2006/11/5 ڕەزامەندی داوە بەتەرخان کردنی بڕی (150. 000$) سەدو پەنجا هەزار دۆلار بۆ دوو ئامێری تیشك لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن لە هەولێر بەڕێگەی ڕاستەخۆ (دعوە مباشرە) . بەڵام وەزارەت هەڵسا بە جاڕدان (تەندەرەرکردنی) ی کە ئەمەش ڕێگەی بەهەموو کۆمپانیاکاندا بەشداری بکەن و دواتر لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکان و ڕۆژنامەکاندا بڵاو کراوەتەوەو، ئینجا (18) هەژدە کۆمپانیا تەندەرییان کڕی و تەنها (10) دە کۆمپانیا بەشدارییان تیادا کرد.

لێژنەی کردنەوەی بەخشینەکان (لجنە فتح) کە پێکهاتووە لە (7) ئەندام بەنوێنەرایەتی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی و ئابووری، ئەم لێژنەیە بەرزی کردۆتەوە بۆ لێژنەی شیکردنەوە کە پێکهاتووە لە (8) هەشت ئەندام بە سەرپەرشتی بەڕێوەبەری گشتی دیوان و نوێنەری وەزارەتی دارایی و ئابووری بە پلەی (شارەزا) وەنوێنەری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە پلەی (ئەندازیاری ڕاوێژکار) .

لێژنەی شیکردنەوەی بەخشینەکان بەتێکڕایی دەنگ بڕیاریان داوە کە بیدەن بە جۆری (GE) ی ئەمریکی کە باشترین مارکەیە و نرخەکەی (126. 000$) سەدو بیست و شەش هەزار دۆلار بووەو لەگەڵ دوو ساڵ سازدانەوە وەلەهەمان کاتیشدا دوو کۆمپانیای تر هەبوون مارکەی (ێبین) یان پێشکەش کردبوو کە نرخەکەی (110. 000$) سەدو دە هەزار دۆلار بوو بەڵام لە بەر باشی... مارکەی جۆری (GE) ئەمریکی بەکۆی دەنگ پەسند کراوە.

خوێنەری بەڕێز ...

هەر وەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێداوە کە وەزارەتی دارایی ڕەزامەندی خۆی دەربڕی بەبڕی (150. 000$) سەدو پەنجا هەزار دۆلاری ئەمریکی. بەڵام بە بڕی (126. 000$) سەدو بیست و شەش هەزار دۆلاری ئەمریکی ئامێرەکان کڕاون، واتە بە بڕی (24. 000$) بیست و چوار هەزار دۆلار هەرزانتر لە نرخی ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی.

باشە دیسان دەڵێینەوە کوا ئەو گەندەڵییەی (نووسەر) باسی لێوە دەکات!!! تەندەرێك بەبڕی (24. 000$) بەبیست و چوار هەزار دۆلار کەمتر بکڕدرێت لە نرخی ڕێگە پێدراوی وەزارەتی دارایی و ئابووری... ئەمە نیشانەی گەندەڵییە یان ... نیشانەی ڕاستگۆی و یاسایی وەزارەتە.

ب – بەهەمان شێوە نووسەرێکی تر بەناوی (نازەنین عوسمان) نووسراوی ژمارە (1250) لە 2007/2/12 کە بڵاوکردۆتەوە کەتیایدا هاتووە (بابەت/ کارسپاردن بۆ کۆمپانیای (بێست) بۆ دابین کردنی سوچەری نەشتەرگەری دڵ بۆ نەخۆشخانەی دڵ لە قەڵاچوڵان بە بڕی (1. 501. 286$) یەك ملیۆن و پێنج سەدو یەك هەزارو دوو سەدو هەشتاو شەش دۆلاری ئەمریکی...

1- بۆ زانیاری هەموو لایەك ... پڕۆژی نەخۆشخانەی دڵ لە قەڵاچوڵان لەلایەن ئەنجومەنی بۆردی نەخۆشخانە سەرپەرشتی دەکرێت کە پێکهاتووە لە ئەندازیارو ژمێریارو پارێزەرو پزیشکان و ڕاوێژکاری زانستی فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخۆشخانەکانی شۆڕش بە چاودێری وەزارەتی تەندروستی.

2- هەر یەکێك سەیری نەخۆشخانەکە بکات دەبینی کە تەنها هەیکەلی بیناکە تەواو بووەو هیچ شتێکی تری بۆ نەکراوەو نەکڕدراوە... تەنانەت بە بڕی (1$) یەك دۆلاریش شتی بۆ نەکڕاوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەو تەخمینەیەی کە دانراوە بۆ سوچەری نەشتەرگەری دڵ... لە کاتی ئیدارەی وەزارەتی تەندروستی پێشوو بووە، بەشێوەیەکی یاسایی و ڕاست و دروست کراوە. وەلێژنەی کردنەوەو شیکردنەوە لە ئەندامانی ئەنجومەنی بۆردەکە پێکهاتووەو بەرێگەیەکی یاسایی تەندەرەکان (احالە) کران... بەڵام احالەکە جێبەجێ نەکرا لەبەر تەواو نەبوونی پرۆژەی بیناکە وەهەروەها لەبەرئەوەی چەند ئامێرو پێداویستی پزیشکی تری بۆ زیادکراوە... بۆیە سەر لە نوێ دەدرێتەوە تەندەرکردن و کاری بۆ دەکرێت.

خوێنەرانی بەرێز...

جا نازانین چۆن ئەو (65) شەست و پێنج دەفتەرە وەرگیراون؟؟؟ لە کوێ وەرگیراوە؟؟؟ کەی وەرگیراوە!!!!

کوا بەڵگەکان بۆ سەلماندنی درۆیەکانی نووسەر... ؟؟؟

3- لە نووسراوەکەدا دەڵێ:- (وەزارەت بڕیاری داوە خەستەخانەی دڵ بگوازرێتەوە بۆ قەڵاچوڵان) ... سەیرکەن خوێنەران بە درۆی هەڵبەستراو خەستخانەیەکیان لە سلێمانییەوە گواستەوە بۆ قەڵاچۆڵان!!!

هەر کەسێك بیەوێت ڕاستییەکان بزانێت... دەتوانێ سەردانی شاری سلێمانی بکات و بەچاوی خۆی هەردوو خەستەخانەی قەستەرەی دڵ ببێنی کە بەچالاکی کاری ڕۆژانەی خۆیان بەڕێوە دەبەن، جگە لەمەش ئێستا وەزارەتی تەندروستی پرۆژەی (دروستکردنی خەستەخانەی نەشتەرگەری دڵ) لە ناو شاری سلێمانی لەبەر دەست دایە بە بڕی (3) سی ملیۆن دۆلاری ئەمریکی... نەوەك چۆڵ کردنی نەخۆشخانەی دڵ لە شاری سلێمانی.

4- نووسەر دەڵێ: - (لێژنە گەندەڵەکەی ناو وەزارەت پێکهاتبوو لە د. ڕێبوار و د. کاوە و د. ئامانج و د. باریف) هەڵسان بەکڕینی سوچەری دڵ... بەڵام پێتان ڕادەگەیەنین کە ئەم چوار دکتۆرەی سەرەوە هیچێکان لە لێژنەی پرۆژەی قەڵاچوڵان دانین. د. ئامانج... پزیشکی نیشتەجێی دێرینە لە نەخۆشخانەی ڕاپەڕین دەوام دەکات و هیچ پەیوەندییەکی بە وەزارەتی تەندروستییەوە نییە و لە هیچ لێژنەیەك دانییە. د. ڕێبوار... بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانی بەغدایە هیچ پەیوەندییەکی بە لێژنەی قەڵاچوڵانەوە نییە. د. باریف... بەڕێوەبەری هێنانی دەرمانەو لە هیچ لێژنەیەکی تەندەرات دا بەشدار نییە و د. کاوە... بەڕێوەبەری نووسینگەی تایبەتە، کاروباری هونەری نووسینگە بەڕێوە دەبات و پەیوەندی بەهیچ لێژنەیەکی ناو وەزارەتەوە دانییەو نەك ئەوەی قەڵاچوڵان.

جا بەم زووانە هەموو ئەو بەڵگەنامانەی کە تایبەتن بەم بابەتە، بۆتان ڕەوانە دەکەین داواکارین بە ووردی دیراسەی بکەن بۆ ئەوەی ڕاستییەکان وون نەبن، درۆیە هەڵبەستراوەکان بووچەڵ بکرێنەوە.. چاوەڕوان بن... لەگەڵ ڕێزدا

ڕاگەیاندنی وەزارەتی تەندروستی

10 – 6- 2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.